نوێبەخشی لە داهێناندا دیمەن و هەما و هێزی بوونە، هەڵگیرسانی ڕووناکییەکی نهێنییە لە ئێندێشەی ئۆیدیکەدا، بۆواهێنانە بە دەستاتی شیعری پاراو و بگەرد، دید و دیدگە و هەوەست بەهێز دەکات. لەمەڕی بە چەقەڵ و چۆرە و حەربای ئەدەبی و داڵی دووکەڵاك و مینچێن و قەپیچی و بەرماڵ پەستی ڕەوی... تاد، بەردەوامبوون لە نوێبەخشی و داهێنان، چاوقایمی و گیانی ژیری دەوێت. تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینانەدا ئاسوودەم، کە شیری گیانمن و مایەی سەرسامین، مەژووی وشە و داهاتووی وشەن، وشەیش دەکەن بە زمان، زمانیش بە جوانییەکانی بوون. دەمگەیەنن بەو ڕووناکییە خودایییەی لە هەستیاری و زەینی چالاکدا پەیدا بووە. هەموو وزەیەکی گیان و پشکەوتن لە گیانی مرۆڤی بە بۆوا و دامەزرێنەر و کەلکەشدا گەشە پێ دەدات، باروبوار بە دەربەین و کرانەوەی بەردەوام دەدەزێتەوە، تێگەیشتن لە گەشەی هەست و گیان و خوون پڕە پێ دەدا، لە دەکەتەوە و دەیکات بە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسین. هزری دەوەستەندیش بەرهەم دەهێنێ، خەشی و ئارامی ویژدانی پێناگەی خەیاڵی پاراو و بگەردە. سەرچاوەی جوانبەخشی هەڵکی هاوشوەی هەست و گیان و خوون بە نوێبەخش دروست دەکات. ئەم هەڵە بە جووڵەخستنی نوێبەخشیی خەیاڵی، کەمەڵگە بانگ دەکات بە ناو ژیانی ئاسوودەیی ئەدەب. بەهەشتی شادمانی ژیانی ناو داهێنانە. مرۆڤی جوانبەخش دەخوازێ تەمەنکی پێ دانایی و کارا و کارامە لەناو ژیانی ئەدەبدا بژیت، نەك لە ئارامیی ساختە و خەشدووییی دەستات، کە هەموو دەستاتەك بەشەك لە دیکتاتۆریەتی بە جووڵە و وێنەوە لە ناو خەیدا پەروەردە کردووە.
نووسەر دەبێ لە دۆخ و دەروونداتاسەدارێکی خودایی بێت، تا لە بارەی شیعرەوە بنووسێت.

10

قەناغی یەکەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی: شاعیرێکی کارامە و گەڕانکاری وەك: (گۆران)، لە ڕێگ و قووناییی کلاسیکییەوە هات. جیهانی شیعری کوردیی گەیی و پەرەی پێدا. تێگەیشتنی خوێنەریشی گەیی و پەرەی پێدا، زانی بواری داهێنانی ئەو چییە، تواناشی لە چی

تاقی دەکاتەوە، کە هات وەك نموونەیەکی پێشەنگ و بەدیهێنەر هات، نەك وەك مەیدانخوازێك بیەوێت کلتووری شیعری کلاسیکی لە ناو ببات، سەرتا فەرمەکی جیاوازی لە ناو کلتوور و کەلەپووری کوردیدا دەزیەوە، پێ بوو لە وزەی ئاخاوتن، لە فەرمی کلاسیکیشی دامالی. ئینجا تێگەیشتنی خوێنەری گۆڕی و پەرەی پێدا، ئامادەی کرد بۆ تێگەیشتنێکی جیاوازتر، ئاشنای کردەوە بە کێشی خەمالی، شیعری ڕاستەقینەیشی بەم کێشە خومالییە نووسی و پێشکێشی کرد. کاکەی مەبەستی نوێبوونەوەکەی، کە پڕژیەك بوو، دامەزراند: لەڕدا گۆشە پێ دا و دەرکەوت. هیچ فەرمەکیش، فەرمەکی تر لە ناو نابات، بگرە لەی جیا دەبێتەوە.

بەشەکی زۆری قۆناغی دووەمی نوێبوونەوەی شیعری کوردی: زیاتر وشەیان لە ناو مانادا تواندەوە، لەوەی وشە بارگاوی بکەن بە بزوێنی زمان. وشە هەست و هەستیاریی دروست نەکردووە، بگرە مانای گەیاندووە. جۆرە پێوەندییەکی هەمائارا، لە نێوان توانەوەی وشە لە ناو مانا و وشە بارگاویکردنەدا بە شیعریبوونی خۆی ڕوون کردووەتەوە. شیعریبوونیش دەمانکات بە ئەندێشەی خۆی، ڕازی بەهێزی ئەندێشەکردنمان لە بیرکردنەوە و دەخی دەروونیدا دەخوێنێت. ئەمەش تەنیا لە هاڕاوی مەستی دەقدا، مووچەکە نەرمەکانی خەیاڵ و چڕ، پڕی پە دەبێن. تواناکانی خۆگونجاندن و دەزێنەوەی خود ئاشکرا دەبێت. بە هەشەکی ڕووناك و شکەدارەوە ئەم خەسڵەتیان دەستنیشان دەکەین. لە دید و دیدگە و قووڵبینی دووری خستوونەتەوە، لە دەربڕین نزیك. هەموو هەڵچوونە نەستییەکانی خەیان تەدا هەڵدەشتووە، هەڵدەشتن لە دەخێکی دەروونیی کورتخایەندا سروشوەردگەڕ و زوو دادەمرکێتەوە. ئاگری نادیار و نهێنیی نووسین تەواو گەرمیان ناکاتەوە، ناوە ناوە تەزووی بەتینیان لە لەشدا پێدا دەکاتەوە. لە بە ئومێدی دەریان دەهێنێت، لە شەقامەکدا بەڕەو پیاسە و ونگە دەیانبات. خەیاڵ تێدا لە قووڵاییی ئەو وردەکارییانە دەکەڵێتەوە، کە دەبێتە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسین.

نەست کاریگەرییەکانی خۆی کە دەکاتەوە، لە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسیندا دەنگ ناو ئاگەداری. دەبنەوە بوونەکی وشیاری، بەڵام لە ئاستی هونەری و ئاستەکانی دیکە وتووێژیان لەگەڵ شیعر و ژیاندا نەکردووە، بگرە جێختیان لە مەودا دەرکییەکان کردووەتەوە، دانەکشاونەتە ناوەوە، کە ناوەوە تایبەتکاریی کەسایەتی بەرهەمی دەهێنێ و زەینی چالاك توانای بەگەڕخستنیەتی.

مانای مەجازییان ڕاو نەکردووە، بە ئاسپایی و دامەزرێنەرانە سەیری هەستیاریی زمانیان نەکردووە، کە لە هەستیاریی زماندا مرۆڤ بە پێی ژیانی خۆی دەدەزێتەوە و دەیبینێ، سەرلەنوێ چاوی پێدا دەگێڕێتەوە،

پاشان بژاری دەکاتەوە. زیاتر وەك یارییەکی ئایدیلیژی کاریان بۆ شیعر کردووە. لە بنجیشدا ئایدیلیژیا ڕەگی جوانیویستی و جوان نواندن و جوانبەختی دەبەستە، هەموو هەیکانی گۆشەسندنیان لە دەستنەتەوە، هەروەها شیعری ئایدیلیژی بنیادی کۆمەڵایەتی ڕوکاری هەیە.
سەرتای پڕژە و دامەزراندن و کرانەوەی شیعری کوردی ڕۆمانتیزمی خۆیان بەرز کردەوە، هەموو ئەمیان بۆ خوێندنەوەی خۆیانەوە خڕیك و سەرقاڵ کرد، کەمەڵگۆشیان خستە مشتومڕێکی ناتەبا و سەختەوە. کردنەوەی دەرگۆ و پەنجەرە و پیشاندانی خۆر و مانگێکی بە پیت و ڕەشن بوون بە قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی، خاڵکیش بوون بە جێشدان و مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت و بیرکردنەوەی پەیوەستدا.
قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی: بە فەرمی فرە پەوەندی و فرە بنیاد و فرە تڕپە و جیاکارییەوە، ئاستی هاوچەرخی و داخوازییەکانی خۆیان پیشان دەدەن. بەوەی ئەو وەڵامانەی ئەوان بە واقیعی نووسین و واقیعی کەمەڵگە و ژیانیان دایەوە، ئەمە دێکەنەوە پرسیار، لە ناو گیانی بوونماندنماندا دێکەین بە بنیاد و پێکهاتەی خۆبوونی و وەناکردنی جیهان و چالاکییە هونەرییەکانی کەشی خۆدڕبڕین و خۆدەستنیشانکردن و کردەی بوونی زمان، زمان وەك خود، وەك هێزی بوونی شاراوە. دەتوانێت دەربڕین لە هەموو شتێك بکات، بەڵام لە دیاردەکان ناکۆتەوە.
پرسیار هاوسەنگی دەدا بە پرسیارکار و پرسیار لێکراو. پرسیار نەکردن هاوسەنگبوون لەدەست دەدا.
تڕپە و ئاوازی قۆناغی دووەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی زیاتر لە تڕپە و ئاوازی مۆسیقای جەنگ دەچوو، کە جەنگاوەریان بە جەنگ و ووبەدووبوونەوە لە سەر ئادەهێنا.
قۆناغی سێیەمی نوێبەخشیی شیعری کوردی: لەو تڕپە و ئاوازە دڕیان هێنا، شکاندیانەوە بڕەو ناوەوەی ستەی سڕبڕخ و جووڵەی وێنە و دەنگی پیتەوە. شاعیری نوێبەخش بەوای بە بوونی ئەو هەقیقەتە هێناوە، کە تڕپە و ئاواز و جووڵەی وێنە و وشەی پاوپە لە واتا و دەنگی پیت، پەوەندیی بە جوانبەخشیی مرۆڤەوە هەیە. وزەیکی خۆشگوزڕانیی ژیانی کەمەڵگایە. هەموو کەمەڵگەیکیش بنەمای ئازادیخوازی بە ستەی سەربەخۆ و جووڵەی وێنە و وشەی پاوپە لە واتا و دەنگی پیتەوە. لە ناو خۆیدا پڕوڕدە کردووە، بە ئەوەی فەرمکی نوێی ژیانمان بداتێ.
نووسەر دەبە لە دۆخ و دەروونداتاسەدارکی خودایی بێت، تا لە بارەی شیعرەوە بنووسێت.

گۆشتن بە دڕدەی گۆخەنی دزێخ چوو.. نووسەر: لەتیف بەوار

هەنووکە لە زەمەنی سادەگەرایی هزر و هووکەشپەشیدا دژین، نەك تەنیا لە جل و بەرگ و شەوازی ژیان و بیروبۆچوون و کەمی شارەزایی و مەعریفەت و هۆشنبیرەتی تاکەکاندا، بەڵکو لە بوارە باڵاکانی وەژەو فەلسەفەو هونەر و ئاستی زانکەکان و بگرە زۆر سەکەو جومگەی ئەدەبی و هونەری و هۆشنبیری و مەعریفی وا هەن، کە لەبەر دەستی سەرە نزانەکاندان و هیچ شارەزاییەکی ئەوتیان نییە لەو بوارانەی کە خەیان کردووەتە دەم ڕاست تێیدا، ئەوانە زۆرجار تەنیا لەوەدا لەگەڵ جەماوەردا بەرکەوتنیان دەبێت (بە ئەوەی ڕای خەڵك سەبارەت خەیان بزانن) لە شوێنە سەرپێیەکانی وەك تەڵەکەمەڵەیتیەکان و فەیسبوکدا، لەوەشدا نووسینی کەمێنتیان بە بەجگە لە هاوەڵەکانی خەیان بلەك کردووە، واتا هێندە لە هەخنە دەسەمنەوە، چونکە لە ناواخندا دزانن لە ناو قەوارەیەکی بەشدا بانگەوازی کاری گەورە کردن شتێکی ئاسان نییە تا بەسەر هەموو کەسەکدا تێپەڕێت. ئەوان نەك شارەزایی ئەکادیمی و زانستییان لە بوارەکانی خەیاندا نییە، نەك هیچ زمانەك جگە لە زمانی کوردی نازانن و لەسەر بناغەی فەرهەنگەکی کەواری پر جنێو و وشەی بازاڕیی کۆشکی داهێنانی خەیان بنیات ناوە، بەڵکو ناتوانن وتارەکی هەوان و پوخت بە کوردی بنووسن، کاتەك بشینووسن پە لە هەڵەو ناتەواوی دەبێت و تەنانەت پەتووکەکانیش گەر چاپی بکەن دەیدەن بە هەڵەبەی زمانەوانی تا پەداچوونەوەی بە بکەن.
کەشەی ئەوانە ئەویە کاتەك دەسەڵات و بازنەیەکی خەیاڵی لە دەوروبەری خەیان بکەشن، وا دزانن بەو بڕە بە کردنەی کەسانی کەم ئاستی دەوروبەری خەیان، ئەوا دەبنە شاکارنووس و بیردەز داهێژ، بەڵام تەنیا بە دوور کەوتنەوەیان لە گرتنە دەستی ئەو بنکەو سەکەو دزگاو چاپەمەنییانە، قەواریان دەگەیتەوە ئاستی سروشتی خەی و

کەس حسابی نووسەرەکی ئاسایان بۆ ناکات و وردە وردە ناوی قەبۆ وەرناگرێت، بەڵکو بە وێنە باوکراوەکانیان لە فەیسبوك و سۆشیال میدیاو و سکۆو باوکراوەکانیاندا بۆ خۆیان دەشاوە، لەو بارەوە زۆرمان بینیوە... بۆ وێنە، کاتێك ئەدیبێك سکرتێری وەزارەتێکی وەڵێی بوو یەك بۆ دوای یەکدا لەکەینەوە لەسەر بەرهەمەکانی دانووسران، بەڵام دوای ئەوەی لەو شوێنگەیەدا نەما ئیدی کەس باسی نەکرد و لە کولەکەی تەنیشدا ناوی نەما.

ئەوانە نەك خۆیان هیچ داهێنان و بەرهەمێکی نوێی شایستەی خوێندنەوەیان لە هەگبەدا نییە، بەڵکو کاتێك دەنگێکی دەسەن لە دەرەوەی بازنەی خۆیان ببیستن، خێرا هەوە دەدەن بە جەرەها شەوە پلاری تۆ بگرن و سوکی بکەن و گومانی بۆ بدزنەوە، هەرچەندە دەنگ ئاستی تێگەشتنیان نەگاتە ئەو ئادەیی لێگەڕێ ئەو بەرهەمانەدا سەرودەر بکەن، بەڵام چونکە لەوەدایە کە هەست بە بەتاڵیی دەکەن؛ کاتێك بەرهەم و تێگەشتنی خۆیان لە ئاست ئەو بەرهەمانەدا دادەنێن و بۆیان دەردەکەوێت کە تا چەند کەمواوارن و حەقیقەتی خۆیان جارێکی تر بۆ ئاشکرا دەبێت، کاتێك پەردە هەڵدەتەنکانی سەر بەشە تاریکەکەی دەروونیان لا دەدرێت و هەوبەوە دەبنەوە لێگەڕێ ئەو پرسیارە گرنگەی: کە ئایا بۆ ڕاستی من چیم پێشکێش کردووەو چیم لە ئارادایە؟ جگە لە لاف و گەزاف و کەکردنەوەی جەماعەتی ئەشهەدوو... لە دەوری خۆم، لە هەمان کاتیشدا ئەو بابەت و بەرهەمانەی کەسانی دی، کە لەبەر ناوی خاوەنکانیان سوکایەتیان پێ دەکەن و هەڕەزی دەکەن، ئەگەر ناوی خانمێکی بخرێتە سەر ئەوا نەك بەناوی دەکەنەوە، بەڵکو دەکەونە پیاهەڵدان و ستایش کردنی.

ئەوە قسەمان لەوانە نییە کە لە ژێر پەردەی هەشبیریدا بۆ دوای پلەو پایەو پیس خۆری خۆیاندا دەگەڕێن و پەنا بە دەرگاو جومگەو کەسایەتییە حیزبییەکان دەبەن و بۆ دوای شوێن پێ خشکردندا دەگەڕێن تا لەو شوێنگەیەوە خۆیان بکەنە چەق و ئەوانەی لە دەرەوەی بازنە تایبەتەکانی خۆیاندان بیانهاڕن و ئەوانەش کە هەوپامایان بۆ دەکەن سوپاسنامەو خەاتیان بکەن.

مەرەق تا زیاتر وردبێتەوە لەو سەکتەرە هەستەوەرە فیکری و ئەدەبییانەی لەو واقیعە خواروچێدا هەن و پەیدابوون، هەر ئەوەی پێ دەکرێ گەشگیریی هەبژێرێت و دوور بکەوێتەوە لەو هەموو بۆگەناوە، لەهەمان کاتیشدا دانایی ئەو ئەدیب و هونەرمەندە هەستانەی بە دەردەکەوە کە ئەو هەگبەیان هەبزاردووەو تەنانەت بەرهەمەکانیان بەناوناکەنەوەو نایخەنە بەر چاوی ئەو ناخ بەتاڵانەی کە گوشەن بە دەردەی گوخەنی دەزخ دەبەن و هەڵە لە بە ناکەنەوە. ئیدی جار جار وەك چاودێرێك لە خۆم دەپرسم: دەبێت ئەو دەخە بە کوێ

بگات، لەکاتێکدا یەك یەك نووسەرە هەستەکان کەچ دەکەن و هیچ جگرەوەیەکی هاوشێوەی ئەوان ئەو بەشایانە پڕ ناکاتەوە؟ کە بە کەچکردنیان لە دوای خۆیان جێی دەهێن، ئەوە لەو لا بووستێت و لەردا هەر وتوێژی ناکەم کە داهێنان و بەرهەمی ئاستەقینەی ئەدیب و هونەرمەندی داهێنەر چەند سەریشە بە خاوەنکەی دروست دەکات؟ هەر لە ڕق و کینەی هاو شتەکیانەوە بیگرە تا نەیاران و تەنانەت ئەو سیستەمە تەسك و تروسکانەی داهێنانکان جێیان نابێتەوە لە چوارچێوەکانیاندا و توشی دەردەسەریی دەبن بە هەیەوە.
بەڵێ ئەمە سەردەمی نامە بوونی هەستایەتی و دەنگی هەستنەو هەر ئەو هێژایە کە پەشینان گوتویانە، تێیدا شەر لە برساندا دەمرێ و هێوی لە کەلاکەکەی دەخوات و دەبێتە پاشای دارستان.
دواجار دەبێت ئەو ئاستییە باس بکەم کە چەن لە جیهانیشدا زەر بلیمەت و بەهرەو دەنگی هەستەن هەبوون تا لە ژیاندا بوون فەرامۆشکرابوون و دوای مردنیان جارێکی تر سەریان هەڵدایەوەو تا ئێستاش باس دەکرێن، ئەم سیناریۆیەش تا زەرانبازی ژیان بەردەوام بێت هەر دەمێنێت.
بە نموونە ئەمیلی دیکنسن١٨٣٠–١٨٨٦شاعیر، جان کیتس١٧٩٥–١٨٢١ شاعیر، فرانتس کافکا١٨٨٣–١٩٢٤نووسەر و هەمانووس، ئارتور رامبۆ١٨٥٤–١٨٩١ شاعیر، سەرین کیرکەگەر١٨١٣–١٨٥٥ فەیلەسوف و بیرمەند، ڤینسێنت ڤان گۆخ ١٨٥٣–١٨٩٠ هونەرمەند و وێنەکێش، ویلیام بلیک ١٧٥٧–١٨٢٧ شاعیر و هونەرمەند، هەلما ئەف کلینت ١٨٦٢–١٩٤٤ هونەرمەند و وێنەکێش، ژەرار دو نەرڤال ١٨٠٨–١٨٥٥ شاعیر و نووسەر، نیکۆلای گۆگۆل١٨٠٩–١٨٥٢نووسەر و هەمانووس، نیکۆس کازانتزاکیس١٨٨٣–١٩٥٧ نووسەر و فەیلەسوف، ئەسکار وایلد١٨٥٤–١٩٠٠ نووسەر و شاعیر، والتەر بنیامین١٨٩٢–١٩٤٠ فەیلەسوف و هەخنەگر... تاد.
لەبەر ئەوەی ئەم وتارە کورتە، بواری ئەوەم پێ نادات چیرۆکی هەر یەکەیان لەردا باس بکەم، بەڵام خوێنەری بەڕێز گەر ویستی لە بێت، ئەوا دەتوانێت بە وردی بەدواداچوون بە ژیان و بەرهەمی هەر یەکێك لەمانەو سەدان نموونەی تر بکات و ئەو ئاستییە تاکانەی باسکران زیاتر بۆی ڕوون بێتەوە.

لەتیف بەوار

گۆشەی فاشیزم لە قەیرانی نیولیبرالیزمدا.. ئاسۆ کەمال

ئاشکرایە کە سەرکەوتنی فاشیزم لە هەڵبژاردنی ناوچەیەکی ئەڵمانیا جێگای پێشوازی بەشێک لە ئەلیگاریشی مالی جیهانی ،وەک ئیلن ماسک بوو. بەڵام ماسک تەنیا نیە لەم پشتیوانیەی گۆشەی فاشیزم لە ئەوروپادا، چونکە خودی گۆشەی ئەم هەوتە فاشیەی بورژوازی ئەمەریکەک لە ئاکامەکانی نیولیبرالیزم لە چوار دەیەی دوایی دنیای ئەمڕۆدا. ئەم پەیوەندیەی نێوان فاشیزم و نیولیبرالیزم نەک هەر لە پشتیوانی مالی و ڕاگەیاندن و لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا ئاشکرایە، بەڵکو نیولیبرالیزم وەک بابەتێکی ئایدیەلۆژی و سیاسی لە پێناو وەڵامدانەوە بە ناکۆکی و کێشەکانی باڵادەستی خۆی لە پێشبڕکێی جیهانی و لە دژی چینی کرێکاری ناوخۆی وەاتەکانی ئەوروپا و هەژئاوا بەکاری دەهێنێ.

فاشیزمی ئەمڕۆ بەرهەمی سیاسەتی حکومەتە نیولیبرالەکانی ئەمریکا و ئەوروپایە، کەچەند دەیەیە شەڕی عیراق و ئێران و فەلەستین و هەژهەمۆنیاتی ناوەڕاست، وە شەڕی ئۆکرانیا و نائارامی جیهانی دروستکردوە. هاوکات ئەم نیولیبرالیزمە کە لە ڕێگای سەرمایەی دارایی و دۆلارەوە دەستبژێرکی ئەلیگارشی تریلیۆنێر و ملیاردێری دروستکردوە و دابەشکردنی جیهانی بە چەند دەوڵەتێکی کەمی گۆشکردوو و وەاتانێکی زەریش کە بێکاری و هەژاری و ژیان و ئارامی تێدا نەماوە دابەشکردوە، وەک وەاتانی باکوری ئەفریقا و هەژهەمۆنیاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و مەکسیک و ئەوانی تر. ئەم دۆخە کێچبەری و پەنابەری کردۆتە هەڕگا چارەیەک بە ملیۆنەها مرۆڤ بە پەیداکردنی ژیان و گوزەران.

بەڵام کێشەی سەرکی نیولیبرالیزم تەنیا لە سیاسەتی جیهانی و دەرکیدا نیە، بەڵکو چەق بەستویی و دابەزینی ئاستی کەڵکەی سەرمایەیە لە بازاڕی جیهانی و لە ئابوری ئەمریکا و ئەوروپادا بە بەراورد بە وەاتی چین و هاوپەیمانی ئابوری بریکس و ئەوانی تری.. سەرمایەی مالی لە ئەمریکا وئەوروپا ئەمڕۆ کێشەی گۆشەی کەڵکەی سەرمایەیان هەیە لەبەر ئەوەی تێچوی بەرزی هێزی کاری کرێکاران وکرێ و خزمەتگوزاریە گشتیەکان لە بەشی زۆدەبایی و قازانجی سەرمایە کەم دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی سەرمایەی گەڕاو و کاتی کارکردنی پێویست، کە سەرچاوەی زۆدەبایی و قازانجی سەرمایەیە پێویستە هەژێیەکی زەری لە کرێ و موچە و خزمەتگوزاریدا سەرف بکرێ

و بەمەش ژمارەی کاری زیادە و زیادبایی و گەشە و کۆکەی سەرمایە کەم دەکات. لەرەدا ئەگەر هێشتا ئیمپراتۆریەتی دۆلار بتوانێ هێندە لە گرفتکانی قەرزی دەوڵەتی ئەمریکا ساڕێژ بکا و مانەپۆلی بازاڕی جیهانی لەناوگەی سەربازیەوە دەرژێتە بەدات، بەڵام ئەوروپا ئەم ئامادەزانەی نیە و هەربۆیە بورژوازی ئەوروپی پێویستی بە ئامادەزانەی سیاسی و ئابوریە بە شکست نەهێنان و دانکەوتنی لەم پیشبڕکێ جیهانی و ئابوریەی ئەمڕۆ. ئەمە گرفت و ئاڵنگاری نیولیبرالیزمە لە ئەوروپا و هەربۆیە ئێستا هاوپەیمانێکی پیرۆزی لەگەڵ فاشیزمدا دەبینین.
ئەم فاشیزمە دەتوانێ بورژوازی نیولیبراڵ و ئالیگارشی مالی ئەمڕۆی ژێرئاوا لە دەست ناڕەزایەتی کرێکاران و چینی ناوەڕاست و خوارەوەی بورژوازیش لە کەمەندگەدا ڕزگار بکا و دژی ناڕەزایەتیکانی ئەم چینانە بە سیاسەتی فاشستی دژی پەنابەری ڕەهراوی بکا. بەم پێیەش ئەو هێرشی نیولیبرالیزم لەم نزیک بەنیوسەدەیەدا کردوویەتیە سەر ئاستی کرێ و گوزەرانی ئەم چینانەی خوارەوەی کەمەندگە زەمینەی بە بەرخسێ زیاتر و زیاتر بکرێ. نیولیبرالیزم سود لەم دژی فاشیزمی بورژوازی لەمەدا بە ئەوە وەردەگرێ کە ئاستی کرێ و تێچونی هێزی کار کەم بکاتەوە تا بتوانێ لە گرفت و ئاڵنگاری گەشەی ئابوری و کۆکەی سەرمایەدا لە پشبڕکێی لە بازاڕی جیهانیدا بەتایبەت بەرامبەر بە گەشەی سەرمایەداری لە چین بکاری بێنێ.
لەرەدایە کە فاشیزم دەتوانێ ئەم دژە بخوڕقێنێ بە سەرمایەی ئەوروپا و ژێرئاوا کە بەناوی پاراستنی سنورەکان لە کێچی بێکارانی پەنابەر، کە چینی کرێکار و ئەو تووژانەی کەمەندگەی ئەوروپی و ئەمریکی، کە لژێر فشاری ئابوریدان، بەوە خەشخەیاڵ بکەن کە بە نەبونی پەنابەران بەشی ئەوان لە کرێ و کار و خزمەتگوزاری زیاد دەکا. ئەم فکر و سیاسەتی فاشیزم و نیولیبرالیزم ڕەگی لە خەباتی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران دژی ئالیگارشی مالی و ترلیۆنەر و ملیاردەرەکان ، وە هێروەها چینەکانی خوارەوەی کەمەندگە دەکاتە لەشکری خەبەخش و بە کرێی بە خزمەت بەو حکومەتانەی نیولیبرال- نیو فاشیانەی خەریکی قوتترکردنەوەی سیاسەتی سک هەڵگوشین و بینی خزمەتگوزاریەکانن. ئەمە ئەو خزمەتیە کە فاشیزم ئەمڕۆ بە نیولیبراڵیزمی دەکا و لەبەرامبەریشدا ئالیگارشی نیولیبرالیزم بەشێک لە سەرمایەی کۆکردوی خێی دەخاتە خزمەتیگەشە و سەرکەوتنی ئەم فاشیزمە لە پەرلەمان و مەیدانی سیاسی و ئاگەیاندندا.
ئاوستانەوە بەرامبەر بە فاشیزم پیویستە وەک بەشێک لە سیاسەتی ئاوستانەوە بەرامبەر بە نیولیبرالیزم سەیر بکرێ . کرێکاران و خەڵکی ناڕازی ئەو ڕاستیە ئاگەیانن کە دیاردەی کۆچبەری ئاکامی

نائارامی ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ لە وڵاتانەکدا کە گیردەی شەڕ و هەژاری بوون، وەک ئەمەش خەی بەرهەمی سیستمی سەرمایەداری و نیولیبراڵیزمی ئەستایە. هەربۆیە پێنابەرانیش وەک کرێکارانی بەریتانیا و ئەوروپا و ئەمریکا ئەمڕۆ گیردەی دوژمنی هاوبەشی چینایەتین کە ژیانی سەرجەم کەمەگەی مرۆڤایەتی خستۆتە بەر بەرداشی ململانێ و پیشبڕکێی سەربازی و ئابووری خۆیەوە.

ئاسۆ کەمال

دژایەتیکردنی قۆرخکاریی ژیریی دەستکرد، دەستپێشخەری نوێی سەرکی چین.. و/هەڵە حەسەن

سەرکی چین شی جینگپینگ لە وتاری دانیشتنی یەکەمی ١٨یەمین لووتکەی بریکس لە نیودەلی، وتی: ئەمساڵ یادکردنەوەی ٢٠ ساڵەی هاوکاریی بریکسە، لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، میانیزمی هاوکاریی بریکس بەردەوام گەشەی کردووە و فراوانتر بووە، و گوتوتین و توانایەکی بەرچاوی نیشان داوە،شی وتی: ئەمە ٢٠ ساڵ لە پشتبەستن بە خۆ و بەهێزکردنی خۆ بووە، وڵاتانی بریکس بە شێوەیەکی سەربەخۆ و چالاکانە گەشەون بەدوای هێگاکانی گەشەپەدان کە گونجاون لەگەڵ بارودۆخی نیشتمانیی خۆیاندا، و بوونەتە نموونەی بەهێزکردنی خۆ لە هێگەی یەکێتیی نێوان بازاڕێ تازەدرکووتووکان و وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا،شی ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەمە هەروەها ٢٠ ساڵ وەستان بووە لەگەڵ یەکترداڵ خۆشی و ناخۆشیدا.
وتیشی وڵاتانی بریکس پێکەوە کاریان کردووە بۆ ووبەووبوونەوەی تەحەدییەکان، لە قەیرانی دارایی جیهانی و پەتاکەی کۆڤید-١٩وە تا دەگاتە گەلانی کەشوهەوا،وتیشی گرووپەکە بە نەگەڕەی ماوەتەوە لە پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی باشووری جیهانیدا ، لەکاتێکدا سەقامگیری و گوتوتینی ئەرێنی بە جیهان دابین دەکات،شی وتی: وڵاتانی بریکس تووشی فراوانبوونەکی مێژوویی بوون، چوارچێوەیەکی گشتگیر و فرە ئاستیان بە هاوکاری دامەزراندووە، و قەناغێکی

نوێیان لە گۆشەپەدانی کوالێتی بەرز بە هاوکاریی فراوانتری بریکس دەستپێکردووە،شی جێختی لەوە کردەوە کە جیهان تێپەڕ دەبێت بە گۆڕانکاریی خێرا کە لە سەدەیەکدا نەبینراوە، باشووری جیهانی بە خێرایی بەهێزتر دەبێت، و ئاراستەی بەرەو جیهانێکی فرەجەمسەر ڕانەگیراوە،لە هەمان کاتدا، شێپەلی دژە-ئاراستەی تاکلایەنەگەری و سیاسەتی هێز لە هەڵکشاندا بەدی دەکرێت، فرەلایەنەگەری و نەزمی نێودەوڵەتی کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە، و کورتهێنانی ئاشتی، گۆشەپەدان، ئاسایش و حوکمڕانی بەردەوام بەرفراوانتر دەبێتەوە، وتیشی:
وەاتانی بریکس دەبێت بە تۆندی لە لای دروستی مێژووەا بوەستن، هەوبەدەن ببنە پێشەنگی سەردەم، نەزمی نێودەوڵەتی بەرەو دادپەروەری و یەکسانی زیاتر ئاراستە بکەن، و پێکەوە کاربکەن بە دروستکردنی کەمەگەیەک بە ئایندەیەکی هاوبەش بە مرۆڤایەتی،شی داوای لە بریکس کرد کە بێتە پێشەنگ لە بەرەوپێشبردنی گۆشەپەدانی لەسەر بنەمای داهێنان. وتیشی:، وەاتانی بریکس دەبێت بە تۆندی دەستپێشخەرییەکە بگرنە دەست، هاوکاری لە ژیریی دەستکرددا بەهێزتر بکەن، هانی گۆشەپەدانی سەرچاوەکراوە ، کراوەیی، هاوکاری و بێشداریکردن بدەن، و هاوکاریی کرداری بەرەو بوار و ئاستی نوێ بەرن،وتیشی بەخێرهاتنی وەاتانی بریکس دەکرێت بە بێشداریکردنی چالاکانە لە ڕێکخراوی جیهانیی هاوکاریی ژیریی دەستکرددا،ئاماژەی بەوەش کرد کە چین پێشنیازی دەستپێشخەرییەکی کردووە بە بەرەوپێشبردنی پیشەسازیی نوێ لە ڕێگەی ژیریی دەستکردەوە لەنێوان وەاتانی بریکسدا، و ئامادەیە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا کاربکات بە بەدەستهێنانی ئەنجامی زیاتر لە تەوژینەوە، گۆشەپەدان و جێبەجێکردندا، و قووڵکردنەوەی هاوکاری لە زنجیرەی پیشەسازی و دابینکردندا،شی داوای لە بریکس کرد ببێتە پێشەنگ لە پاراستنی ئاشتی و سەقامگیریدا.
وتیشی، وەاتانی بریکس دەبێت دیدگایەکی هاوبەش، گشتگیر، هاوبەشکارانە و بەردەوام بە ئاسایش بپارێزن، دژایەتی بیرکردنەوەی جەنگی سارد و ڕووبەڕووبوونەوەی بلۆککان بکەن، پشتڵکاریی سەروەریی وەاتانی دیکە و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیان ڕەتبکەنەوە، و ڕێکەکی دروستکەر بگرێن لە چارەسەرکردنی کێشە گرمەکاندا، بەمەش بێشداریێکی بەرچاوی بریکس دابین بکەن بە دژینەوەی چارەسەرێک کە چارەسەری هەکارە ڕووکار و بنەڕەتییەکان بکات، بە ئاماژەدان بەوەی کە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاڵۆزی و لە گۆڕانکاریدا دەمێنێتەوە، شی وتی ئەم جەنگە زیانی گەورەی بە گەلانی هەموو وەاتانی ناوچەکە گەیاندووە، و بە

پێچەوانەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە،شی وتی چوار پێشنیازی بۆ پاراستن و بەرزکردنەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خستووەتەوو، کە ئامانجیان هەورکردنەوەی بارودۆخەکە، کە تایبەتمەندن بە دوژمنکارییەکان و بەرزکردنەوەی ئاشتییە،شی داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە پابەند بن بە ئاراستەی چارەسەری سیاسی، و کاربکەن بۆ ئاگربەستێکی هەمیشەیی و گشتگیر،وتیشی چین لەگەڵ ئەندامانی دیکەی بریکسدا کاردەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی شایستەی خۆی لە ئاوریکردنەوە و هەنانی ئاشتی و ئارامی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،شی داوای لە بریکس کرد ببێتە پێشەنگ لە ئاسانکاری بۆ فڕووێنی بەرهەمداری یەکتر لە نێوان شارستانیەتەکاندا.

وتیشی، وڵاتان دەبێت داکۆکی لە بڕیاە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی بکەن و داوای ئاوگۆڕ و فڕووێنی یەکتر لە نێوان شارستانیەتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە بکەن. دەبێت سەرکەوتنی فورمای بریکس بە ئاوگۆڕی کلتوری و جەماوەری دنیا بکەنەوە، ئەزموونی حوکمەانی دەوڵەت بەش بکەن، و گەوتینی ئەرێنی بۆ گەشەپێدانی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتان دروست بکەن،شی داوای هەوڵدانی کرد بۆ قووڵکردنەوەی هاوکاری لە کلتور، گەشتوگوزار و پەروەردە، بەهێزکردنی ئاوگۆڕی گەنجان، و بەرزکردنەوەی کارلێکی زیاتر و پەیوەندی نزیکتر لە نێوان گەلاندا،شی داوای لە بریکس کرد ببێتە پێشەنگ لە چاکسازی و باشترکردنی حوکمەانی جیهانیدا،داوای لە گرووپەکە کرد کە هاوئاوت بێت لەگەڵ ئاراستەی دیموکراتیی زیاتر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، سیستەمێکی حوکمەانی جیهانیی دادپەروەرانەتر و یەکسانتر بەرز بکاتەوە، و دەسەاتی نێوەیەکگرتووەکان بپارێزێت.

شی وتی: بریکس دەبێت پشتیوانی لە سیستەمی بازرگانی فرەلایەنە بکات بۆ ناوەندێتی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ،و هەموو جۆرە ڕێکارێکی پارێزگاریخوازی ڕێتبکاتەوە،زیادی کرد کە گرووپەکە دەبێت حوکمەانی جیهانی لە بوارە تازەدەرکەوتووەکانی وەکو بەشایی ئەلیکترۆنی ، بەشایی ئاسمان و دەریای قووڵدا سەرکردایەتی بکات، و دەنگی وڵاتانی باشووری جیهانی بەرزتر بکاتەوە،شی جەختی لەوە کردەوە کە لە ماوەی گشتکی ناوازەی دوو دەیەیدا، پشدبەستن بە یەکتر و هاوکاری هەمیشە هەزی بزوێنەری پشتی دەزی بریکس بوون.

شی داوای لە ئەندامانی بریکس کرد کە بەرامبەر یەکتر دڵسۆز و ڕاستگۆ بن، بەدوای زەمینەی هاوبەشدا بگەڕێن لەکاتکدا ڕێز لە جیاوازییەکان دەگرن، و ڕێز لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی یەکتر بگرن،هەروەها داوای لە گرووپەکە کرد کە لە ڕێگەی پەیوەندی و

دیالۆگەوە لەکتگەیشتنی دوو لایەنە قووڵتر بکەنەوە، بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ جیاوازییەکاندا بکەن، دەنیا ببنەوە لەوەی هاوکاریی بریکس بە بەردەوامی بەرەو پێشەوە دەچێت،شی وتی: چین سەرکایەتی خولیی بریکس دەگرێتە دەست و ساڵی داهاتوو میوانداری ١٩یەمین لووتکەی دەکات،شی زیادی کرد کە لایەنی چینی ئامادەیە کار لەگەڵ هەموو لایەنەکان بکات بۆ دروستکردنی سازان، دروستکردنی ئایندەیەکی باشتر، و دەستپێکردنی سێیەم "دەیەی زێڕین"ی بریکس، تا بۆ هاوبەشی ئایندەیەکی گەش لە خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بکەنەوە.

و/هێڤ حەسەن

سەرچاوە:

Xi says BRICS world's most influential platform for emerging markets cooperation

https://english.www.gov.cn/news/202609/12/content_WS6aa54b8ac6d00ca5f9a0d292.html

---

لۆبیکردن چییە و بۆچی کوردستان پێویستی پێیە؟.. هەمن عەلی

وشەی «Lobbaus» کە لە زمانی فینلەندیدا بەکاردێت، هەمان چەمکی «Lobbying»ی ئینگلیزی دەگەیەنێت. بە واتایەکی سادە، لۆبیکردن هەوڵێکی ڕێکخراوکراوە بۆ کاریگەرکردن لەسەر بڕیاردەران، سیاسەتمەداران و یاسادانەران.
کەمپانیاکان، سەندیکاکانی ڕێکخراوکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە جیاوازکانی دیکە دەتوانن لۆبی بکەن. ئامانجیان ئەوەیە بڕژەوەندی و داواکارییەکانی خۆیان بگەیەننە بڕیاردەران و کاریگەری لەسەر یاسا، سیاسەت و بڕیارە حکومییەکان دابنێن.
لۆبیکردن بەخێی بڕتیلدان نییە. جیاوازییە سەرەکییەکە لەوەدایە کە لۆبیکردنی یاسایی دەبێت لە چوارچێوەی یاسا و شەفافیەتدا بێت، لەکاتێکدا بڕتیلدان بە پارە یان بڕژەوەندی تایبەت هەوڵی کەینی بڕیار دەدات، نەک قەناعەتپێکردن.

لۆبیکردن لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا

لۆبیکردن لە کاتی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە حکومەتی هاوپەیمانی پێکدەهێنن.

لەم قۆناغەدا، پارتە سیاسییەکان خەریکی دانوستان و نووسینی بەرنامەی حکومەتی نوێن. لە هەمان کاتدا، سەندیکاکان، کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵ دەدەن داواکاری و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بگەیەننە ئەو کەسانەی کە بەشداری لە دانوستانەکاندا دەکەن.

بە نموونە، ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزی دەتوانێت داوا بکات حکومەتی نوێ سیاسەتێکی توندتر بە پاراستنی ژینگە دابنێت. لە بەرامبەردا، کۆمپانیایەکی وزە دەتوانێت هەوڵ بدات سیاسەتێک پەسەند بکرێت کە کاریگەری دارایی کەمتری لەسەر کاروبارەکەی هەبێت.

واتە، گرووپە جیاوازەکان هەوڵ دەدەن دەنگ و بۆچوونی خۆیان بگەیەننە شوێنی بڕیاردان، بە ئەوەی بەرنامەی حکومەتی نوێ بەرژەوەندییەکانیان لەبەرچاو بگرێت.

لۆبیکردن لە جیهاندا

لە زۆر وڵاتی دیموکراسیدا لۆبیکردن بەشێکی ئاسایی لە ژیانی سیاسی و ئابووریدایە. لە ناوەندە سیاسییە گەورەکان، وەک واشنتن و بڕۆکسل، کۆمپانیا، ڕێکخراو و پسپۆڕانی تایبەت بە لۆبیکردنەوە کاردەکەن.

بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەگەر ئەم کاریگەرکردنە بە نهێنی و بەبێ چاودێری ئەنجام بدرێت، سنووری نێوان لۆبیکردن و گەندەڵی لاواز دەبێت.

بۆیە لە ژمارەیەک وڵات و دامەزراوەی دیموکراسیدا یاسا و ڕێسای تایبەت بۆ زیادکردنی شەفافیەت هەیە. مەبەست لەوەیە هاووڵاتیان بتوانن بزانن کە هەوڵی کاریگەرکردن لەسەر بڕیاردەران دەدات و نوێنەرایەتی چ بەرژەوەندییەک دەکات.

فینلەندا؛ نموونەیەک بۆ شەفافیەت

لە فینلەندا لۆبیکردن، یان «Lobbaus»، بەشێکی ناسراوی پرۆسەی بڕیاردانە. سەندیکاکان، ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پسپۆڕان هەوڵ دەدەن بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆیان بگەیەننە بڕیاردەران.

لە کاتی دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەتدا، کە بە فینلەندی پێی دەوترێت «Hallitusneuvottelut»، نوێنەرانی گرووپ و ڕێکخراوە جیاوازەکان دەتوانن زانیاری و بۆچوونی پسپۆڕانەی خۆیان بگەیەننە

ئەو لایەنانەی بەرنامەی حکومەت دادەڕێژن.
فینلەندا بە زیادکردنی شەفافیەت، لە ساڵی ٢٠٢٤ەوە سیستەمی «Avoimuusrekisteri»، واتە تۆماری شەفافیەت، جێبەجێ کرد. ئامانجی ئەم سیستەمە ئەوەیە کاریگەرکردن لەسەر پەرلەمان و وەزارەتەکان زیاتر بخرێتە بەرچاوی گشتی، تاکو خەڵک بتوانن زانیاری زیاتر لەسەر چالاکیەکانی لابیکردن بدەستبهێنن.
ئایا کوردستان پێویستی بە لابیکردنی یاسایی هەیە؟
لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەرکردن لەسەر بڕیارە سیاسی و ئیداریەکان بابەتێکی نوێ نیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەشێک لەم کاریگەرکردنە لە ڕێگەی پەیوەندیی کەسی، حزبی، خزمایەتی، «واستە» و مەحسوبیەتەوە ئەنجام دەدرێت، نەک لە ڕێگەی پرسیەکی ڕوون و ئاشکرا.
ئەگەر کاریگەرکردن لەسەر بڕیارەکان لە پشت دەرگای داخراوەوە بێت، ئەوا هاووڵاتی نازانێت کە لەسەر بڕیارێک کاریگەری داناوە و بە بەرژەوەندیی کێ.
لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروست دەبێت: بۆچی ئەم کاریگەرکردنە نەخرێتە چوارچێوەیەکی یاسایی و شەفافەوە؟

ئەگەر لابیکردن بە یاسا ڕێکبخرێت، ئەوا:
• هاووڵاتیان دەتوانن بزانن کێ لەگەڵ بڕیاردەران دانیشتووە و چ داواکارییەکی هەیە،
• کەمپانیا و ڕێکخراوەکان ڕێگەیەکی ڕوونیان دەبێت بۆ گەیاندنی بۆچوونیان، بەبێ پێویستی بە پەیوەندی کەسی یان حزبی،
• سنووری نێوان کاریگەرکردنی یاسایی و گەندەڵی ڕوونتر دەبێتەوە.
بەم شێوەیە، خستنەڕووی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ لابیکردن دەتوانێت هەنگاوێک بێت بەرەو زیادکردنی متمانەی گشتی بە پرۆسەی بڕیاردان لە هەرێمی کوردستاندا.

لابیکردنی یاسایی: هەنگاوێک بۆ ڕاستکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی
لابیکردن خۆی نە باشە و نە خراپ؛ چۆنیەتی ڕێکخستن و بەکارهێنانی دیاری دەکات کە ببێتە ئامرازێک بۆ دیموکراسی یان دەرگایەک بۆ گەندەڵی.
ئەگەر لابیکردن بە نهێنی، بەبێ یاسا و بەبێ چاودێری ئەنجام بدرێت، مەترسی هەیە ببێتە بەشێک لە گەندەڵی و نادادپەروەری. بەڵام ئەگەر بە یاسا ڕێکبخرێت و شەفاف بێت، دەتوانێت ببێتە ڕێگایەک بۆ بەشداریی زیاتر، بڕیاردانی باشتر و حوکمڕانیی دیموکراتیکتر.

بە کوردستان، هەنگاوی گرنگ ئەوەیە کە لە کەلتووری «کە دەناسیت؟» بگوازرێتەوە بە سیستەمێک کە پرسیار بکات: «نوێنەرایەتی کە دەکەیت، چی داوا دەکەیت و بۆچی؟»
ئەم گۆڕانە تەنها گۆڕینی وشەی «واستە» بە «لەبیکردن» نییە؛ بەڵکو گۆڕانکە لە شێوازی حوکمڕانی.

جەلاد.. شوان ءەباس بەدری

ئەی جەلاد
ئیتر کەردەکەت فڕێ بدە
کەناریيە دە ڕەنگینەکان
بە یەکجاری لە نیشتمان کەچیان کرد و
داڕکەر خەرکان ئازادانە
بە ئاسمانی وڵاتدا دەسورێنەوە
ئیتر تاهەتایە
قاسپەی کەو و دەنگی هاژەی ئاو
لەو چیا و دەشتانە
زیندەبەچاڵ کراون و
تا حەز بکەیت
بە تاهەتایە ئیتر
بەس گوێت لە فیشە و خشەی مار دەبێت
چەند سامناکە
گوێچکەی بووکی خاک
بە دەنگی قڵڕڕش و بایەقووش و
چەقە چەقی چەقۆ کاس بێت و
زەماوەندی خوێن لەگۆڕ گورگە بریندارەکەی
دەستی خاک فرەشان بگرێت !
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە
ئەوتا کەلەسەری زەرنەقووتە بە درەتانەکەی ئومێد
بە سەر سەری ئەم ژەنگاویيەکەی نائومێدیيەوە
ئەوتا مەژوو
ناوی دەستە بە بەزەیی و کەردە خوێناویيەکەتی

وەک بە بەزەیی ترین دەست و
دادپەروەرترین کەردی پاک لەناو خەیدا
نووسیوەتەوە !
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە
ئەوەتا سوپای هەزار بە هەزاری
نەزانی و بەهەشی و نادادی
لەبەر دەم کەشکە بە کەلەسەر ئازەنراوەکەت
کەنووشی سوپاسگوزاری بە بردوویت و
هەروەک خودا
عەرشەکەتیان لەسەر شانیان بەرزکردەتەوە و
ناوەکەتیان لە سەر هەورەکان نووسیوە !
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە
زمانی وەات بە دەستی پیاوەکانت بەاوە و
کەیلەکانت نیشتمانیان پەکردووە لە چیرەکی
پاڵەوانییە خەیاڵییەکانت
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە ئەی فس فس پاڵەوان
دەخەش بە
ئەی نابینی خەوی ئارام بنەوبارەگای
لە چاوەکان پەچاوەتەوە و
مرۆف لە ترسی مەتەکە
باوەشی بە خەیدا کردووە و
دەنگی پەستاڵی سەربازەکان
لەرزەی خستەتە گیانی مەرووڵەکان
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە
دواجار لە نیشتمانەکەم
تاریکی بەسەر تیشکدا سەرکەوت و
هەموان لەناو کەشکە وەرانەکەی
ئازادی و دادپەروەری و سبەی
کەت و بەندکران و
کەتاییان هات !
دەخەش بە ئەی جەلاد
دەخەش بە
ئەوەتا دەستە گووڵەکانی کەنار خوناوەکەی

ڕەگەکانی خاک
خەتەکی هەشیان بە سەر
گشت خیانەتە بە شەرمەکانی تە هەناوە و
بە ئاوی ئاڵتوون لەسەر لەوحی مەحفوزی
زاکیرەی جیلی تازە
وەک لە خەبووردوویی و گیانفیدایی و چاونەترسیت
تەماریان کردوون
دەستە خوێناوییەکانت بشە ئەی جەلاد
ئیتر نە کەناری و
نە ئاسکەک و
نە نەرە تاووسەک و
نە ویژدانەک
لەم نیشتمانە ماوە تا تە سەی ببڕت
ئارام بنوو ئەی جەلاد
ئارام بنوو
گژ و گیا و درەخت و ئاو و
چیا و دەشت و
مەروو و ئاژەڵ و باڵندە و
مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە
لە مەاسدان بە یەکتری و
چاوەڕی دەرفەتەکن بە هەدەینی یەکتر
ئارام بنوو ئەی جەلاد
ئارام بنوو
دەساتی سەد و پەنجا ساەی خەت و کوە و نەوەکانت
پیرەز بێت ئەی جەلاد !

بەلجیکا / 2026

برایەتی گەلان یان ئاشتی لەگەڵ

کە بکەم ؟ چۆن دەکرێـــــت ؟..

ئەحمەد کامەران

سەرەتا دەستەواژەی برایەتی یان ئاشتی ، مانای پەیامێکی جوان و بەنرخی مەقایەتییە، کە تێیدا ئامانجی ئەوە نیشان دەدا گەلێک ئارەزووی ئاشتی و دەستایەتی دەکات لەگەڵ گەلانی دیکە لەسەر بنەمای یەکسانی و دیموکراسی نەتەوەیی. زەرجاران ئەم دەستەواژەیە بە هەڵە لێکدانەوەی بە دەکرێت گوایە بە مانای خۆبەدەستەوەدان دێت لەبەرامبەر گەلێکی دیکەی خاوەن هێز و دەسەڵات . بەڵام بە پێچەوانەوە پەیامی ئەوە دەگەیەنێت کەچیتر ئەو گەلە ناخوازێت لەڕێگای جەنگێکی بێ ئامانج ڕۆڵەکانی خۆی و گەلانی دیکەش بە کوشتن بدات.

لێ ئەمەدا سەرنج لەسەر ئەوەیە کە ئایا کورد لەگەڵ کە برایەتی و ئاشتی بکات ؟ یاخود گەلانی دیکە ئامادەن بە ئاشتییەکی هەمیشەیی لەبەرامبەری کوردان ؟

مێژوو شاهێدی ئەوەمان بۆ دەدات ، کورد هەمیشە بەرەو ناسراوە ئارەزووی ئاشتی دەکات و هیچ کاتێک ناخوازێت مافەکانی لەڕێگای خوێنی ڕۆڵەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵکو دەخوازێت لەسەر مێزێکی ئاشتیانە پرسەکانی خۆی بە هەمیشە چارەسەر بکات.
جوگرافیای کورد لەنێوان گەلانی وەکو تورک و فارس و عەرەب چەندین سەدەیە گیرەدە دراوە، بەڵام بەداخەوە ئەم سێ گەلە بەردەوام تینوی کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد بوونە، لەبری ئەوەی ڕێژەک بەمان دەستی برایەتی و ئاشتیەکی ڕاستەقینەیی درێژ بکەن.
منەکی کورد برایەتی لەگەڵ عەرەبەک بکەم ، کەچی ئەو بەناوی ئاین و کەمەک پرسی دیکەوە دێت ئەنفالم دەکات، یاخود چەقۆ بخاتە سەر ملی ڕۆڵەکانی نیشتیمانەکەم و سەریان لەلاشەیان جیادەکاتەوە. منیش چاوەکانم داخەم پێی بڵێم تۆ برای منی..
یان برایەتی لەگەڵ فارسێک کە هەموو ڕێژەک دەستی سورە بە کوشتن و لەسەدارەدانی ڕۆڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتیمانم. یان برایەتی لەگەڵ تورکێکی ڕەگەزپەرست، کە جگە لە بوونی ناسنامەی خۆی دان بە منەکی کورد دانانێت و بە تیرەرستێک لەقەڵەمم دەدات .
بۆیە پێویستە سەرەتا ئەمە بانگەشەی ئەوە بکەین ئاخە تەوانینی گەلانی وەکو تورک و فارس و عەرەب ئامادەیی ئەوەیان تەدایە دەستی برایەتی بە ئەمە درێژ بکەن یان بونی ئەمە وەکو نەتەوەیەکی خاوەن

زمان و کلتور قبول دەکەن ؟ نەک بەتەنیا ئەمەی کورد لەگەڵیانەکە دەستی برایەتی و ئاشتی درێژ بکەین و ئاوانیش بە ئارەزووی خۆیان کەمەکوژی مان بکەن.

کار لەسەر پرسەی ئاشتی و برایەتی گەلان پێویستە سەرتا وەک چەمکێکی هەزری کاری لەسەر بکرێت، نەک وەکو پرسێکی سیاسی و نەتەوەیی تەماشا بکرێت بە کورد لەبەرامبەری گەلانی دیکە. واتە سەرتا ئەم پرسە پێویستە لەنێو تاکی کەمەگای تورک و فارس و عەرەب کارێکی گشتگیری لەسەر بکرێت، بە دیاری کراویش لەنێو کەمەگایەکی وەکو تورکیادا، کە خاوەنی مێژوویەکی قێزەونن لە کەمەکوژی و قبولنەکردنی کوردان. دان بەوەدا بنێن ئیتر بەبێ هەناوەی هیچ پاساوێک ئێو ڕاستیە مێژوویە قبول بکەن کە گەلی کورد وەکو ئێوان گەلێکی سەربەخۆن و خاوەنی مافێکی دەستوری خۆیانن بتوانن بە ئازادییەکی ڕەها شکۆماندانە ژیان بکەن. تەنانەت گرنگە لەناوەندەکانی خوێندنیش کار لەسەر ئەم پرسیە بکرێت ، لەلایەن مامۆستاکانەوە وانەی ئاشتی پشکێش بە قوتابیەکان بکرێت لەبەرامبەر بە بوونی گەلی کورد، نەک بە پێچەوانەوە وانەی ڕق و کینە بدرێت بەو قوتابیانە لەبەرامبەر ناسنامەی کورد و کوردستان. جێگای داخە ساڵانێکی درێژە بەتایبەتی لە باکوری کوردستان و تەواوی تورکیا بەردەوام لەناوەندەکانی خوێندن کار لەسەر ناشرین کردنی کورد کراوە، تەنانەت تاوەکو ئێستا زمانی کوردی لە تەواوی تورکیا و باکوری کوردستان بەزمانێکی فەرمی نەهاتەتە ناساندن،لەگەڵ ئەوەشدا بایەخێکی ئەوتۆی پێی نەدراوە لەچاو زمانە بیانیەکانی دیکە، ئەگەرچی چەندین جار داوای بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی وەکو دووەم زمانی لە دەوڵەت کراوە، کەچی تاوەکو ئێستا ئەم پرسە بە نادیاری ماوەتەوە.

لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٥ ، لەدیمانەیێکی تایبەتی ئەحمەد داود ئاغا تێیدا تیشک دەخاتە سەر ڕاستی مێژووی سەرهەڵدانەکانی کورد لە تورکیادا ، دەڵێت: لە تورکیا تورک بوون بەئادەیێک تەخ کراوەتەوە وای کرد کوردەکان هەستنەوە بەئەن ئەمەش هەین و کوردین. بەیە زەر گرنگە لەم قۆناغە هەستیاردا کار لەسەر شکاندنی بەستەڵەکی ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنزم بکرێت. ئەگەرنا بەم شێوازە درێژەدان بە پرسەی ئاشتی و برایەتی گەلان ئەستەمە هیچ کاتێک بچێتە قۆناغی پشکۆتن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕەنگە لەداهاتوودا ببێتە هەکارێک بۆ زیاتر کەمەکوژی و چەوساندنەوەی گەلی کورد.

ئەحمەد کامەران / نووسەر و چاودێری سیاسی

دووتنی ئەلیکترۆنی کوردی.. سەباح جەلال

قسەو باسێک سەبارەت بە رێگاچارەیەک بۆ کورد لە لایەن مامۆستا سەباح جەلال ەوە..

بەشی یەکەم لە قسەوباسی دووتنی ئەلیکترۆنی کوردی..

بەشی دووەم .. بۆ بینینی ڤیدیۆکە کلیکی ئێرەبکەن..

بەشی سێیەم.. دووتنی ئەلیکترۆنی کوردی..

بەشی چوارەم.. دووتنی ئەلیکترۆنی کوردی..

چەند زانیارییەک دەربارەی ئەم گیانلەبەرانە.. ئامادەکردنی/ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

١. فیلی ئەفریقی
لووتە درێژەکەی (خرتووم): ئەو خرتووەم درێژەی فیل هەیەتی تەنها لووت نییە، بەڵکو کەڵکێنایەکە بۆ دەرکردنی دەنگی بەرز، مژرەکە بۆ خواردنەوەی ئاو، بەرییەکە بۆ پەکردنی ئاو، و دەستەکی زیادەشە بۆ فیل..
بەخۆوکردنی بچکەکان: دایکەکان و مێینەکانی تری ناو ئانەکە بچکە فیلەکان بخۆو دەکەن. کاتێک فیلە گەورەکان لەسەر یەکەک لە بچکەکان بترسن، بازنەیەک لە دەوری دروست دەکەن بۆ پاراستنی.
زمانی نهێنی: فیلەکان زۆر دەنگی جیاواز بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنن. تەنانەت زمانەکی نهێنییان هەیە کە بریتییە لە

بەرەبەرەکی زۆر نزم، بە جۆرێک مرۆڤ ناتوانێت بیبیستێت، بەڵام فیلەکانی تر دەتوانن لە دووری چەندین میلەوە بیبیستن.

٢. زۆرافە
تایبەتمەندی باڵا: زۆرافە بەوە جیادەکرێتەوە کە درێژترین ئاژەڵی شیردەرە لە جیهاندا. ئەم سیفاتەش چەندین سوودی هەیە، لەوانە توانای گەیشتن بە گەڵای دارە بەرزەکان کە هیچ ئاژەڵێکی تر ناتوانێت پێیان بگات.
مەترسیەکانی تینوێتی: هەندێک جار ئەم درێژیە کێشەی بۆ دروست دەکات؛ بۆ نموونە کاتێک زۆرافە تینووی دەبێت و دەیەوێت ئاو بخواتەوە، قاچەکان و ملە درێژەکەی وادەکەن گەیشتنی بە ئاو ببێتە پرسیەکی پڕ لە مەترسی. بەڵام خۆشبەختانە، زۆرافە زۆربەی پێویستی ئاوی خۆی لەو گەڵای دارانەوە دەستدەکەوێت کە دەیانخوات.
بچکۆی زۆرافە: بچکۆی زۆرافە تەنها نیو کاتژمێر دوای لەدایکبوونی دەتوانێت لەسەر قاچەکانی بوەستێت، و لە ماوەی ٦٠ خولەکدا دەتوانێت لەگەڵ دایکیدا ڕابکات.

٣. کەنگەری ئوسترالی
ئاژەڵە کیسدارەکان: کەنگەر بە ئاژەڵێکی کیسدار دەناسرێت. بچکەکانیان بە قەبارەیەکی زۆر بچووک لەدایکدەبن، بۆیە ناچارن باز بدەنە ناو کیسەیەکی تایبەت کە لە جێستەی دایکیاندا هەیە بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا بپارێزن.
گەشەکردن لەناو کیسەدا: لەناو ئەم کیسەیەدا، بچکەکان بە مژینی شیری دایکیان گەشە دەکەن. ئەوان نزیکەی ٢٨٠ ڕۆژ لەناو کیسەکەدا دەژین، و تا تەمەنیان لە ساڵێک تێنەپەڕێت بە تەواوی ئامادە نین بۆ ژیانی دەرەوە و وازهێنان لە کیسەکە.
کێشەکان: هەرچەندە کەنگەرەکان ئاژەڵی هەمن و لەسەرخۆ دیارن، بەڵام زۆرجار کێشە دروستدەکەن؛ چونکە زیان بە بەرهەمی جووتیاران دەگەیەنن و ئەو لەوێگایانە تێکدەدەن کە جووتیاران ئاژەڵەکانیانی تێدا دەڵەوێنن.

تێبینی /سەرچاوە شمس الصباح ی پاشکۆی ڕۆژنامەی الصباح جدیدە